# گوتاری باو و بەرجەستەکردن
# لە شانۆگەری
# تەپڵ و بەرد دا

ڕزگار حەمە ڕەشید

## بەشی چوارەم و کۆتایی

### نواندن:

لەم کارەدا شوان عەتوف جگە لەوەی کۆمەڵێك دیمەنی داهێنەرانەی پێشکەش کردین، بەڵام لە هەندێك شوێنیشدا بە پێچەوانەوە بوو، بە ڕاددەیەك کە خودی ئەکتەر و کارەکتەری تێکەڵ دەکرد. لە زۆر شوێندا هەستت بە نزیکی و هاوشێوەیی هەڵچوونە کان ( emotions)ی کارەکتەرەکە دەکرد لەگەڵ خودی ئەکتەرەکەدا، ئەمەش وایکردبوو پەیوەندی ئەکتەرو کارەکتەر بگاتە ئاستی نامۆبوون (Alienation). مەبەستم لەم نامۆبوونە تێکەڵبوونی هەڵچوون و چرکەساتەکانی ژیانیانە، ئەمەش زیانی بە نواندن گەیاندبوو. دواتر زیاتر باسی ئەم لایەنە دەکەین و هەوڵی خوێندنەوەی دەدەین.



سەرەتا با کەمێك دەربارەی دەنگ و جووڵە قسە بکەین.

- **دەنگ**: لە پاش نمایشەکە گوێم لە چەند بینەرێك بوو باسی ئەو دیالۆگەیان دەکرد کە تالە بە چرپە دەیگێڕێتەوە و ئەمان بە باشی گوێیان لێ نەبووە. دیارە ئەو کاتانەی بە چپە قسەی دەکرد پێویستی بە متبوونێکی تەواوی بینەران هەبوو، زۆربەی بینەرانیش بە کاریگەری نمایشەکە و نواندن وایان لێ دەهات، بەڵام جیرەی کورسیەکەی خۆت یان تەنیشتت، یان قسە و چرپەی بینەرێکی نزیکت بەس بوو بۆ ئەوەی نەتوانیت بە باشی ببیستیت. جگە لە چرپەکان کێشەی بیستنمان نەبوو. بەڵام هەندێك جار هەستت بەوە دەکرد دیالۆگەکان بە پەلە دەڵێت و لە هەندێك شوێنیشدا هەستت دەکرد ئەکتەرەکە بە بێ بیانوو دەنگ بەرز دەکاتەوەو هاوار دەکات. جگە لەو حاڵەتانەی باسم کرد، شوان چەندین تۆنی جیا جیای بەکار دەهێنا. سەرجڕاکێشەر ترین تۆنی دەنگیش بەلای منەوە ئەو کاتە بوو کە لە نزیك کۆتایی دا دەیگوت: هەموو هاواریان دەکرد: بڕوخێ...بڕوخێ.. ئا لەویادا ڕێك کارەکتەری تالەی تەپڵ بەرجەستە دەبوو.
- **جووڵە**: وەك لە سەرەتادا باسم کرد، جووڵەی گشتی لەم نمایشەدا ئاستێکی ستوونی وەرگرتبوو وە توانیمان وەك بەشێك لە گوتاری نمایشەکە پۆزشی بۆ بهێنینەوەو

خوێندنەوەی بۆ بکەین. بەڵام هێشتا وەك کردە شانۆییەکەو وەك ئیستاتیکا ناتوانین لێرەدا کۆتایی پێ بهێنین. بینەر هەر لە سەرەتاوە پانتاییەکی گەورەی سەر شانۆکەی لەبەردەمدایە، ستەیجەکە تا ڕادەیەکی زۆر ڕووت کراوەتەوە، بەشێکی پەردەکان لادراون و جوگرافیای ستەیجەکە هەڵوەشێندراوەتەوە. کاتێك لە نمایشێکدا ئەمە ڕوودەدات، بە شێوەیەکی ئاسایی جووڵەی ئەکتەر و ئاراستەی بینینی بینەرەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بۆیە لەو جۆرە پانتاییە ڕووتکراوانەدا ناچار دەبین بیر لە شێوەی دانیشتن و ئاراستەی بینینی بینەرەکانیش بکەینەوەو بەپێی داخوازی نمایشەکەمان دایبڕێژینەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر ئەم لایەنە فەرامۆش کرابوو. دەکرێت ئەمە بۆ چەند ساتێکی نمایشەکە بینین تێر بکات و بینەر هەست بکات بەرامبەر دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دانیشتووە، یان هەست بە جۆرێك لە بەریەککەوتنی جیاواز بکات لەگەڵ جووڵەی ئەکتەر و پانتاییەکی بەکارنەهاتوودا. بەڵام مانەوەو بەردەوامیی هەمان وێنە، ڕەنگە زیان بە کردارە هونەریەکە بگەیەنێت. ئەمەیە جیاوازی وێنە لە تابلۆیەکدا لەگەڵ وێنە لە نمایشێکی شانۆییدا. بۆیە ئەو جووڵە ستوونیانەی کارەکتەرەکەش لەسەر شانۆ وە تاڕادەیەکی زۆر جووڵە تەریبەکان بە کەلو پەلەکانی سەر شانۆکە و بینەران، بۆشاییەکانی ئەو پانتاییە فراوانەیان پڕ نەدەکردەوە.



**ئەکتەر وەك دروستکەری نمایش:**

کاری شوان عەتووف وەك ئەکتەر لەم نمایشەدا پشتی بە کۆمەڵێك مەشقی شانۆی ڕاگوزەر بەستووە، ئەمە لە شێوەی داڕشتن و نوسینەوەی تێکستەکەدا هەستی پێدەکرێت. بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە هەندێك تێبینی بخەینە ڕوو، باشترە کەمێك دەربارەی دروستکردنی ئەکتەر قسە بکەین لە شانۆی ڕاگوزەردا. بە کورتی شانۆی ڕاگوزەر بۆ من، بە جیا لە هەر شێواز و ئامانجێکی دەرهێنەر و گرووپە جیا جیاکانی ئەو بوارە، ڕێگایەکە بۆ دروستکردن و ئامادەکردنی ئەکتەر. سەرەتای ئەم شێوازە بۆ من، لە قۆناغی یەکەمدا، یارمەتیدانی ئەکتەرە تاوەکو لە ڕێگای نواندنی لەخۆوە و بە بێ پلان، خۆی لە کاریگەری و خەوشەکانی جیهانی دەرەوە پاك بکاتەوە. ئەم پرۆسەیە بە دروستکردنی کەشێکی ئازاد دەست پێدەکات، کە ئەکتەر تەنیا خۆی دەبینێت و لە ڕوبەری مەشق کردندا بە ئازادانەترین شێوە گوزارشت لە خۆشی و نەهامەتی و تووڕەیی و حاڵەت و ئیمۆشن و هەستەکانی خۆی دەکات، بە تایبەتیش سەبارەت بە هەلو مەرجی بەخشراو "ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی لەو ساتە مێژووییەی مەشقەکاندا مایەی سەرقاڵین" . ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ بەتاڵکردنەوەو پاککردنەوەی ئەکتەر لە هەموو کاریگەریە دەرەکیەکان و ئامادە کردنیەتی بەرەو بونیادنانی ساتەکانی نمایش. هەنگاوی دووەم بریتییە لە سەرقاڵکردنی ئاوەزی ئەکتەرەکان بە شیکردنەوەو خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی پەیوەندییان بە

بابەتی ئەو کارە شانۆییەوە هەیە کە پێشتر لەسەری ڕێك کەوتووین دروستی بکەین.
قۆناغی سێیەم بریتییە لە جوڵاندنی بیر و خەیاڵی ئەکتەر بە ئاراستەی نمایش.
بەشداری پێکردنی ئەکتەر لە نوسینەوەی سات بە ساتی نمایشەکەدا. ئەم قۆناغە من ناوی دەنێم ئامادەکردنی ئەکتەر وەك دەرهێنەر، یان ئەکتەرە دەرهێنەر. لێرەوەیە دەتوانین شانۆی ڕاگوزەر وەك ڕۆژانی مەشق و ئامادەکردنی ئەکتەر جیا بکەینەوە لەو نمایشانەی کاریان بەرجەستەکردنی شێوازێکی پێرفۆرمانسە کە لە ڕۆژی نمایشەکەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت.
لە شانۆگەری تەپڵ و بەرد دا ئێمە بەرامبەر ئەکتەرێکین کە سەرەتاکانی کارکردنی لە شانۆدا، خۆیی لەناو ئەزموونێکی وەهادا پەروەردە کردووە ( مەبەستم ئەزمونکردنی ئەو شێوازانەی مەشقی ڕاگوزەرە بۆ ئامادەکردنی ئەکتەر لە شانۆگەری دوایاری ١٩٩٢ وە جەنگستان ١٩٩٤، لە نوسینێکی سەربەخۆدا وردتر باسی ئەو مەشق و ڕاهێنانانە دەکەم)
لەم کارەدا خودی ئەکتەرەکە  بە فەرمی دەرهێنەر و نوسەری نمایشەکەی خۆیەتی. بۆیە ئێمەی بینەر بەر زۆربەی ئەو حاڵەت و قۆناغانە دەکەوین کە لەسەرەوە باسمان کرد. لە سەرەتای نمایشەکەدا شوان دێتە سەر شانۆ و چاوێك بە شوێنی نمایش و کەرەستەکاندا دەگێڕێت، پاشان بەردەکەمان نیشان دەدات و دەڵێت: بەردەکەی کەعبە سپی بوو، گوناهی مرۆڤ ڕەشی کرد. ماچی مەکە تازە سپی نابێتەوە. ئەو ڕستەیەی وەك لە سەرەتادا باسم کرد، جارێکیتر بەری ناکەوینەوە. ئەمە یەکێکە لە نموونەی ئەو چرکەساتانەی نمایش کە دەتوانین وەك قۆناغی یەکەمی مەشقەکان ئاماژەی بۆ بکەین. لێرەدا ئەکتەرێك دەبینین هەوڵدەدات ساتێکمان بۆ نمایش بکات کە پەیوەندی بە کۆی نمایشەکەوە نییە، بەڵام ڕەنگە بریتیبێت لە یەکێك لە وڕێنەکانی کارەکتەرەکە. بەو پێیەی شوان دێتە پێشی ستەیجەکەوەو ئەم دیالۆگەی ڕاستەوخۆ ئاراستەی بینەرەکانی دەکات، ئەم شێوازە لە دەربڕین نابێتە وڕێنە، بەڵکو گوتارێکی ڕاستەوخۆیە و هەرەس بە هەموو بەربەستەکانی خۆی دەهێنێت لەگەڵ بینەرەکانیدا. لە درێژەی نمایشەکەدا چەند جارێکیتر بەرەوڕووی ئەمجۆرە پچڕانانە دەبینەوە، بۆ نموونە دەبینین شوان دەوەستێت و یەکێك لە هاوکارانی پشتەوە بانگ دەکاتە سەر شانۆ، لە شوێنێکیتردا بینەران بانگهێشتی سەر شانۆکە دەکات، هاوار لە جێبەجێکاری ڕووناکی دەکات، یان لەو بینەرانەی پێیان وایە کۆتایی نمایشەکەیە، دەڵێت: بووەستە.  وە چەندین نموونەی تر کە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر پێرفۆرمەر و تا ڕاددەیەك ئەتمۆسفێری نمایشەکەشدا نایەت. ئەمەیە کە دەکرێت ناوی بنێین باڵا دەستی قۆناغی یەکەمی ئامادەکردنی ئەکتەر لە ڕێگای مەشقەکانی شانۆی ڕاگوزەرەوە بەسەر نمایشەکەدا. ئەم حاڵەتە لە زۆر نمایشیتری ئەم ساڵانەی دواییدا بەدی دەکرێت، بە ڕاددەیەك هەندێکیان خودی نمایشەکەیان تەنیا لەسەر ئەو قۆناغی بەتاڵکردنەوەو پاککردنەوەیە بونیاد ناوەو نەگەیشتوونەتە قۆناغی دامەزراندنی نمایشەکە. ئەوەی لە ئەدای شواندا بەدیدەکرا، ئەو هاوشێوەییە بوو لە نێوان کارەکتەرەکان و خودی شوان عەتوف دا، بە جۆرێك ئەو کاتانەی بینەران چەپڵەیان لێدەدا ببوونە بەشێك لە نمایشەکە.  بەڵام لە هەندێك شوێندا ئەو چەپڵە لێدانە وایکردبوو بەدحاڵیبوون لە نێوان گوتاری نمایش و گوتاری باوی

بینەراندا دروست ببێت. بۆ نموونە ئەو کاتەی باسی لێدانی پیاوە ئێرانیەکە دەکات، تەنیا ڕێگایەك بتوانێت پارێزگاری لەو هەڵوێستە بکات شپرزەیی و هەلو مەرجی ژیان و بیرکردنەوەو تێگەیشتنی تایبەتی کارەکتەرەکەیە "تالە" لەو جێگایەدا کە باسیدەکات و ڕوداوەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام چەپڵەی بینەران ڕوداوەکەی یەکسانی دەکرد بە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئەکتەرەکە "شوان عەتوف" نەك کارەکتەرەکە"تالەی تەپڵ". نموونەیەکی تری ئەو جۆرە لە بەدحاڵیبوون ئەو کاتەیە کە "تالە" سەرەتاکانی ژیانی خۆی لە تاراوگە دەگێڕێتەوە. لە شوێنێکدا باسی ئەوە دەکات کە چووە لە بارێك دانیشتووە، ژنێکی ئینگلیزی بەتەمەن بەرەو ڕووی هاتووەو لەگەڵی دانیشتووە، دواتر بردوویەتیەوە بۆ ماڵەوە و سێکسی لەگەڵ کردووە. کاتێك تالە دەڵێت: ئەو شەوە هەقی هەموو شۆڕشەکانی کوردم لێ کردەوە. بینەرەکان چەپڵەڕێزانی دەکەن. ئەمەیان پەیوەندی بە تێگەیشتنی باوو باڵادەستی بیری پاتریارکیەوە هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەو بینەرانە پێیان وایە کە پیاوێکی کورد سێکسی لەگەڵ ئەو ژنە ئینگلیزەدا کرد جۆرێکە لە کوردایەتی، تۆڵەکردنەوەیە لەو دوژمنەی وڵاتەکەمانی پارچە پارچە کردووە، هەمان ئەو ڕستەیەی لە زاری کارەکتەرەکەوە گوێمان لێدەبێت. بەڵام خودی دیمەنەکە بەو جۆرە نییە، کەرەکتەرەکە لەسەر پشت پاڵکەوتووەو تەپڵەکەی کردووە بە ژنە ئینگلیزەکە. تا کۆتایی دیمەنی سێکسەکە ژنە ئینگلیزە گریمانکراوەکە لەسەرەوەیە. دەکرێت ئەمە هەوڵدانێکی ورد بێت بۆ پیشاندانی نا هاوشێوەیی فاکتەکان discrepancy نا هاوشێوەیی ئەو شێوازەی تالە ڕوداوەکە دەیگێڕێتەوە و ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوویداوە. "تالە" بەشانازییەوە وەك لاقەکردن باسی سێکسەکە دەکات، بەڵام ئەوەی ڕویداوە، بریتییە لە سێکس. بینەری ئێمە چەپڵە بۆ کرداری لاقە کردنەکە لێدەدات وەك تۆڵە، کە ئەمە ناکۆکە لەگەڵ خودی گوتارە شانۆییەکەدا. بێگومان ئەم بەدحاڵیبوونەی بینەران زیانی بە کۆی گوتاری نمایشەکە گەیاندبوو، لە دووبارە بوونەوەشیدا بۆ ڕۆژانی دوایی چارەسەر نەکرا. لە کاتێکدا پەیامی ئەو ژنەی بوو بەژێر پێی خۆپیشاندەرانەوە دەکرێت وەك کۆڵەکەی سەرەکی نمایشەکە ئاماژەی بۆ بکەین.



هەرچەندە ئەم بوارە تەکنیکیانە گرنگن و پێویستە بەردەوام قسەیان لەسەر بکەین، بەڵام لەم دۆخەدا، ئەو هونەرمەندانەی بەردەوامن لە کارکردن وەك گرووپی ژەنیارەکانی فیلمی تایتانیك دێنە بەر چاو. پاپۆڕەکە نغرۆ دەبێت، بەڵام هەر کۆڵ نادەن.

لە کۆتاییدا هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ شوان عەتوف و ستافی شانۆگەری تەپڵ و بەرد و هەموو ئەو هونەرمەندە بەڕێزانە دەخوازم کە لەم هەلومەرجە شێواوەی ئێستای کوردستاندا بەردەوامن.